کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

**Kurdistan National Congress (KNC)**

**Kongrey Nîştmanîya Kurdistan**

**WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,**

**W 6 9 L P, U K. E-mail; wka@knc.org.uk**



# جێژنی نەورۆز
# و
#ساڵی ٢٧١٠ی کوردی،
# لە هەموو نووسەران و
# رۆژنامەنووسانی کورد،
# پیرۆزبێت!

ساڵی رابوردوو، بۆ نووسەران و رۆژنامەنووسان و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ لە کوردستان، ساڵێکی دژوار بوو. لەساڵی رابوردوودا، پاش ئاشکرابوونی ساختەکاریی لەهەڵبژاردنی سەرکۆماریی ئێران لەلایەن باندی دەسەڵاتدارەوە، هێرشێکی بەرفرە و رێکخراوتر لە رابوردوو بۆ سەر ئازادیخوازان و نووسەران و رۆژنامەنووسانی کورد و ئێرانی دەستپێکرد. دەیان رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەری ئەلیکترۆنی داخران و، نووسەر و بەرپرسەکانیان گیران و، بەرەورووی زیندان و شکەنجە و حوکمی ناڕەوای بێدادگەکانی رژێمی ئێران بوونەوە. رژێمی ئێران هەروەها، بە گوللەبارانکردنی نەیارانی سیاسی و، زیندانیکردنی رۆژنامەنووسان و، لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ، ساڵی رابوردوو، لەسەر ئاستی هەموو جیهان پلەی یەکەمی هێنا.

**رژێمی داگیرکەری تورکیا**، کە بۆ مەبەستی تێکدانی بزووتنەوەی بەرینی جەماوەریی گەلی کوردمان لە باکوور، ماوەیەک بەدرۆ و دەلەسە، دروشمی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی هەڵگرتبوو، سەرلەنوێ نێوەرۆکی رەگەزپەرستانەی خۆی پیشانی کورد و هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا و، دەستیکرد بە هێرشکردن بۆ سەر خۆپیشاندەران و، گرتنی ژن و منداڵ و سیاسەتکاران و رۆشنبیران و چالاکانی مافەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کورد، لە تورکیا و لە باکووری کوردستان. رژێمی رەگەزپەرستی سووریاش سیاسەتی

هەمیشەیی دژبەکوردی لەسالّی رابوردووشدا پێڕەوکرد و، لە زینداکانیدا بەدڕندانەترین شێوە، لەگەڵ رۆشنبیر و نووسەر و سیاسەتکارانی کورد هەڵسوکەوتی کرد.

**لەسالّی رابوردوو، لەباشووری کوردستان،** گەلێک جار گوێبیستی گرتن و لێدان و، نانبرین و نامەی هەڕەشە بووین بۆ سەر نووسەر و رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا، بوونی کۆمەڵێک کەسایەتیی وڵاتپارێز و نووسەر و رۆژنامەنووسی خاوەنکەسێتی و خاوەنویژدان لە نێوخۆ ولەدەرەوەی کوردستان، کە خۆیان بەرامبەر هۆشیارکردنی گەلەکەیان بە بەرپرسیاردەزانن، بوون بەهۆی ئەوەوە کە ئاستی رۆشنبیری و رۆژنامەگەریی سەربەخۆ لە باشووری وڵاتەکەمان پەرەبستێنی و، هۆمێدی ئەوەدەکرێت، ئەو گەشە و پێشکەوتنە بەردەوام بێت.

**لە کۆتاییدا، جێژنی نەورۆز لە ئەندامانی دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرە بەتایبەتیی کاک گۆران دەرگەزێنی، لەهەموو ئەو نووسەر و نیشتمانپەروەرانە پیرۆزبێت کە بەوێنەی مۆمێکی داگیرساو، خۆبەخشانە هەموو کاتی ژیانیان کە گەورەترین سەرمایەی تەمەنیانە، تەرخانکردووە بۆ رۆشنکردنەوەی هزر و مێشکی چینی خوێندەوار و رۆڵەکانی نەتەوەکەمان، بەبێگوێدانە گوشار و شکەنجەی داگیرکەران و، بێگوێدانە پارە و بەرتیلی دەسەلاّتدارانی خۆیی، ئەرکی مرۆڤی و نەتەوەیی و نیشتمانی و مێژوویی خۆیان بەڕێوە دەبەن.**

**جێژنی نەورۆز و، هاتنی سالّی ٢٧١٠ی کوردیی، لە هەموو تاکێکی کورد و لە هەموو کوردستانییەک، پیرۆزبێت!**

**بژی نەورۆز، بژی ئازادیی، بژی سەربەخۆیی!**

**سیروان کاوسی**

**بەرپرسیاری دەزگەی راگەیاندنی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**21/3/2010ز/ نەورۆزی 2710ی کوردی**


KNC | 0044 – 208 748 78 74 | knc@ribrahim.de
P.B. 205 Holmlia | www.knc.org.uk | post@kncsite.com
1204 Oslo, Norway | 0047 – 93 83 99 53 | www.kncsite.com